# لە بەرامبەر بڵاوکردنەوەی یاداشتەکانی، جەلال تاڵەبانی 4 چوار ملیۆن دۆلاری داوەتە ڕۆژنامەی (ئەلشەرق ئەلئەوسەت)



هەواڵ
2009-08-26

ئیهاب هەورامی:

بەگەورەیی

چەند رۆژێک لەمەوبەر بەشێکی یاداشتەکانی جلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عیراق و سکرتێری گشتی یەکیەتی، لە رۆژنامەی (ئەلشەرق ئەلئەوسەت) بە چەند زنجیرەیەک بڵاوکرایەوە.

بە پێ ی ئەو زانیاریانەی بە دەستمان گەیشتووە لە سەرچاوەیکی باڵای مەکتەبی ناوەندی راگەیا ندنی یەکیە تی، جلال تاڵەبانی لە 2009\7\28 فەرمانێکی (بە ژمارە 11445 دارایی سکرتێری گشتی یەکیەتی نیشتمانی کورد ستان) دەرکردووە کە (بری 4000000چوار ملیۆن دۆلار) وەکو دیاری ببەخشرێتە رۆژنامەی ناوبراو، بەرامبەر بەو ئەرکەی کێشاویەتی لە بڵاوکردنەوەی یاداشتەکانی.

هەمان سەرچاوە ئاماژەی بەوە دا کە ئەو برە پارەیە لە بانقی (ئەلوەرکا) کە دەکەوێتە (شەقامی سالم\ شاری سلیمانی) لە بەرواری 2009\8\1 سەرف کراوە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

- 1000000یەک ملیۆن دۆلار بۆ (معد فەیاز) کە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ تاڵەبانی ئەنجام داوە و ماوەی سێ هەفتە هاورێ ی بووە لە نێوان بەغداد و کوردستان.
- 1000000یەک ملیۆن بۆ هەر یەک لە (تاریق ئەلحەمیدی) سەرنوسەری رۆژنامەکە و (عوسمان میرغنی) جێگری سەرنوسەر.
- 2000000 دوو ملیۆن دۆلار بۆ کرینی ئامێرێکی چاپی ملەوەن بۆ نوسینگەی رۆژنامەکە لە بەغداد.

ihabhawrami@yahoo.com

ئەم هەواڵە لە (وکالە اور نیوز) وەرگیراوە

(کوردستانپۆست لە ناوەرۆکی ئەم نووسینە بەرپرسیار نییە)

ئیهاب هەورامی
ژمارەی ناسنامە: 1a91

ئەم بابەتە 89 جار بینراوە

چاپ